# (جۆن زیگلەر) نوسەر و بیریاری سیاسی سویسری و داکۆکیکەری یەکەم لە مەسەلەکانی هەژاری و برسێتی جیهان

## (هەنوکەجەنگی جیهانی سێهەم دژی گەلانی سێهەم هەڵگیرساوە)

لەگۆڤاری (السیاسە الدولیە)ی میسری وەرگیراوە/سوسن حسین چاوپێکەوتنەکەی ئەنجام داوە ئەحمەد فاتیح محەمەد وەریگێراوەبۆ بەکوردی

پ/بەو سیفەتەی بیریارێکی بەتوانایت و خۆت تەرخانکردووە بۆ داکۆکیکردن لەکێشەکانی جیهانی سێهەم وچەندین دانراوت هەیە ، زۆربەیان دەربارەی کێشەکانی هەژاری وبرسێتی یە لە ولاَتانی باشوردا، وچۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەیان • تا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پۆستی بریاردەری لیژنەی (ماف لە خۆراکدا) کاندیدیان کردیت، چی وای لێکردی بایەخ بەکێشەکانی هەژاری و برسێتی بدەی لە جیهاندا؟

ج ز/پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت ( هەستە باشەکانت چ مانایەك دەبەخشێت ئەگەر وەرنەگێردرێت بۆ بواری عەمەلی ، و زانست چ سودێکی هەیە ئەگەر جیَ بەجێنەکرێت و ئەنجامی نەبێت) هەروەها پەندێکی دی دەڵێت ( گرنگ نیە ئەم جیهانە جیَ بهێڵیت و مرۆڤێکی باش بیت ، گرنگ ئەوەیە جیهانێکی باش لەدوای خۆت جێبهێڵیت)• کتێبی (برسێتی لە جیهاندا••• چیرۆکێکە پێشکەشە بەکورەکەم) بەرهەمی شۆرشی مرۆڤە دژی بارودۆخی ستەم لەجیهاندا، ئێمە ئیمرۆ لەبارودۆخێکی زۆر نائاساییدا دەژین، ئەوەی لەم کاتانەدا و لەسەرەتای هەزارەی سێهەمدا حوکمی جیهان دەکات سیستمە داراییە کیشوەر برەکانە ، واتە سەرمایەداری جیهانی بەسیستم و حوکمەتەکانیانەوە ، وممارەسەی رۆژانە و شێوازی دانانی یاسای کارەکانی ئەم سیستمە بەشێوەیەکی بنەرەتی لەگەڵ بەرژەوەندی زۆربەی زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی ناکۆکە و زیانێکی زۆر دەگەیەنێت • جیهانگیری هەنگاو بە هەنگاو ئابوریە نیشتمانیەکان بە ئاراستەی یەك بازاری سەرمایەداری جیهانی یەك دەخات ، واتە کار لەسەر ئاوێتەبوونێکی بەزۆری ئەم ئابوریانە دەکات لە بازارێکی جیهانیدا • بێگومان دلَنیام ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی گەشەکردنێکی

www.kurdistanet.org
کوردستان نێت

زەبەلاحی هێزەبەرهەمهێنەکان، ودروستکردنی کۆمەڵێك سامانی گەورە لەهەرساتێکدا٠ کەڵەکەبوونی سەرمایەداری و سیستمی بەرهەمهێنان ئاماژەی هێزو گوڕوتین و داهێنانێکی بێوێنەیە و جێگای سەرسورمانە٠ ولەماوەیەکی کەمدا بەرهەمی جیهانی زیادیکردووە و قەبارەی بازرگانی جیهانیش سێ بەرامبەر زیادیکردووە ، بەلاَم سەرفکردنی وزە هەرچوار ساڵ جارێك زیاددەکات ، بۆ یەکەمجارە لەمێژوودا مرۆڤایەتی بەم شێوەیە گەشەبکات وسوود مەند بێت لەسەروەت و سامان، کەلەژێر زەویدا ئەم هەموو سامانە هەبێت و بەهەزارئەوەندە لەپێداویستیەکانی مرۆڤ زیاد بێت٠ لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە لەسەر ئەم ئەستێرە پڕ لەسامانە نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس لەبرسێتی یا کاریگەری برسێیدا دەمرن ، و گۆرەکان بەژمارەیەکی زۆر پڕ دەبنەوە لە قوربانیانی برسێتی، ئێستا لەم کاتەدا 826ملیۆن کەس بە شێوەیەکی درێژخایەن و ترسناك بەهۆی بەدخۆراکییەوە دەناڵێنن،لەوانە ٣٤ ملیۆنیان لەولاَتانی باکوری پێشکەوتووە لەرووی ئابورییەوە دەژین، وژمارەیەکی زۆرتریان کە ٥١٥ ملیۆن کەسە لەئاسیا دەژین و 24%ی کۆی دانیشتووان پێك دەهێنن٠ بەلاَم ئەگەر بەراوردی رێژەی قوربانیانی برسێتی بەژمارەی سەرجەم دانیشتوان بکەین ، ئەوا ئەفریقیای رەش پێست قورسترین باج دەبەخشێت : کە ١٨٦ ملیۆن مرۆڤ هەمیشە بەهۆی بەدخۆراکیەوە دەناڵێنن، واتە٣٤٪ی کۆی دانیشتوانی ناوچەکە وزۆربەی ئەوانەی دەناڵێنن و رێکخراوی فاو بە(برسێتی کوشندە) ناوزەدیان دەکاتبەشەخۆراکی رۆژانەیان ناگاتە ٣٠٠ کالۆری کەئەمەش بەشی مانەوەیان ناکات٠

پ/لێرەدا چیرۆکی ئەو دوو گەنجە ئەفریقیە دێتەوە یادمان کەجەستەیان ببووە بەستەڵەك لەگەنجینەی فڕۆکەی بۆینگدا، ولەفرۆکەخانەی برۆکسل نیشتەوەو لەگیرفانی یەکێکیاندا نامەیەکی کاریگەری ئاراستەی جیهانی رۆژئاواکردبوو، دەڵێت کە ژیانی خۆیان کردۆتەقوربانی لەپێناوی ئەوەی جیهانی گەشەکردوو ئاگاداری بارودۆخی پڕتراژیدیای کیشوەری ئەفریقیا بێت!
ج ز/زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی تووشی برسێتی کوشندە هاتوون دەکەوێتە ئەفریقیای رەشەوەو ١٨ ولاَتن، وهاییتی لە دورگەی کاریبیو ئەفغانستان و کۆریای باکورو

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بەنگلادیش و مەنغۆلیالە ئاسیا٠ برسێتی و تینوێتی ونەخۆشی و ململانێ ناوخۆییەکان ، سالآنەژمارەیەکی زۆر لەژن و پیاو و منالٚ مالٚویران دەکەن، کەزۆر لە قوربانیانی ژمارەی جەنگی جیهانی دووەم زیاترە کەشەش سالٚی خایاند ، ئێستا دەتوانین بلێین جەنگی جیهانیسێهەم سەبارەت بەگەلانی جیهانی سێهەم هەلگیرساوە،وهەر حەوت خولەکێك منالێك کەمتر لە دە سالٚ لەبرساندا دەمرێت0

پ/ کاتێك لە مارسی رابردوودا وەك نوێنەری تایبەتی لیژنەی (ماف لە خۆراکدا) سەردانی بەرازیل ت کرد، بارودۆخی ئەو ولآتەت هەلسەنگاند کە ٥٥ ملیۆن کەس بە هۆی بەدخۆراکی و برسێتیەوە دەنالێنن و ئەم بارودۆخەش قبولٚ ناکرێت، چۆن راڤەی تێکچوونی هاوسەنگی خۆراك دەکەیت لە ولآتێکی پر لەسەروەت و ساماندا؟

ج ز/ بەپێ راپۆرتەکانی حکومەتی بەرازیل ٢٢ ملیۆن کەس لە ژن و پیاو و منالٚ بەشێوەیەکی ترسناك بەهۆی بەدخۆراکیەوە دەنالێنن، و ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی جەختی دەکاتەوە ژمارەی قوربانیانی برسێتی درێژخایەن لەبەرازیلدا دەگاتە ٤٤ ملیۆن، هەروەها کۆنگرەی قەشەکان کەسالٚی ٢٠٠١ بەسترا ئەم ژمارەییەی بە ٥٣ ملیۆن هەژمارکرد ٠ بەرازیل نۆهەمین هێزی ئابورییە لەجیهاندا ، وەك ئاماژەت پێکرد ولآتێکی پڕ لەسەروەت و سامانە، ویەکێك لە فاکتەرەکانی بلآوبوونەوەی برسێتی و دابەشکردنی نا عەدالەتیانەی ئەو سامانەیە٠ لەیاسای بەرازیلدا چاکسازی کشتوکالٚی هەیە،بەلآم بیرۆکراسییەت و گەندەلٚی دەنگیان کپ کردووە، لە٢٪ی مولکدارەکان (ملاك) لە برازیل خاوەنی ٤٣٪ی زەویو زاری کشتوکالێن، ئەگەر ئاوڕێك لەرابردوودەینەوە بۆ لیکۆلینەوە لە هۆکارە قولٚو مێژووییەکانی ئەم بارودۆخە نائاساییە، کاتێك پورتوگالییەکان بەرازیلییان دۆزییەوە، داگیرکەرە پورتوگالیەکان لە سەرەتای سەدەی شانزەهەم هەلستان بە بلآوەپێکردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکان و لەناوبردنییان٠ پاشای پورتوگال ئەو زەوییانەی داگیری کردبوو بەگوێرەی تیورێك دابەشیکرد ئەویش: زەوییەکانی کەناری بەدرێژایی دابری و بەسەر ژەنرالٚ و هێزو قەشەو توێژە پەراوێزەکاندا دابەشیکرد، و مافی ئەوەیان پێبەخشرا کە زیاتر بچنە ناوەوە چەندیان توانی داگیری بکەن بەشێوەی هێلێکی ریك لە ناو ئەو کیشوەرە شاردراوەییەدا، ئەم مولکە فراوانەش بە کابیتانیاس ناودەنرا،ولەسالٚی ١٨٢١ ئیمپراتۆرییای برازیلی سەربەخۆ راگەیەندرا و

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ساڵی ١٨٨٨ رژێمی کۆیلایەتی کۆتایی هات، و ساڵی١٨٨٩ کۆمارییان راگەیاندرا ، ودوار راگەیاندنی کۆمارییەت ئەم زەوییانە وەك خۆیان مانەوە ، بۆیە ئەم رژێمە خلتە داگیرکەرەی مەلاکەکان لەبەرازیل بەردەوام بوو ٠

پ/لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی راگەیاندنی رۆما دەربارەی (ئاسایشی خۆراك لە جیهاندا) راسپێردرابوویت ، هەروەهابە سەرپەرشتیاری پلانی (کۆنگرەی خۆراکی جیهانی) ، ئایا تا چەند ئەم پلانە لە ئایندەدا سەرکەوتووە؟

ج ز/کۆنگرەی رۆما سەرکەوتوو نەبوو، لەم کۆنگرەیەدا هیچ سەرۆك دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتە پیشەسازییەکانی جیهان ئامادەنەبوون ، تەنها سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا کەلەو کاتەدا سەرۆکی لیژنەی یەکێتی ئەورووپا بوو ، هەروەها سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا بۆ چەند کاتژمێرێك ٠ تەنها بریارێك کە پۆزەتیف بوو بریاری پێکهێنانی کۆمەڵەی کار لەپێناوی ئامادەکردنی چەند پێشنیارێك بۆ بەردەم رێکخراوی (فاو)، کە هەردوو ساڵ جارێك بەمەبەستی روبەروبوونەوەی کێشەی برسێتی وکەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی ٠

پ/ جیاوازی نێوان (ئاسایشی خۆراك) و (ماف لەخۆراك)دا چییە؟

ج ز/جیاوازییەکی بنەڕەتی و سەرەکییە، ئاسایشی خۆراك ئامانجێکی سیاسی یە ، رنگە بەرنامەی حکومەت بێت و کار لەسەر بەدیهێنانی بکات، بەلاٌم ماف لە خۆراکدا پێچەوانەیە ، لەگەڵ تەواوە مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا یەکێکە لەمافەکانی مرۆڤ، ودەبێت یاسا ناوخۆیی و جیهانیەکانیش دەستەبەری بکەن0

پ/هەمیشە و بەبەردەوامی پرۆتستۆی سەپاندنی سزا ئابوریەکانی بۆسەر دەوڵەتان بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە، چونکە قوربانیانی ئەم سزایە هەمیشە گەلانی ئەو دەوڵەتە هەژارانەن، پێشنیارتان بۆ روبەروبوونەوەی ئەم کێشیە چییە؟

ج ز/ سەپاندنی سزا ئابورییەکان بەبێ جیاوازی پێشێلکردنێکی تەواوی مافی مرۆڤە، کەبەڵگەنامەکانی نەتەوەیککگرتووەکان و راگەیاندنی ڤیێنای ساڵی ١٩٩٣ پرۆتستۆی دەکات٠ کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ٢٠٠١ ئیدانەی ئەو کۆتە ئابورییەی کرد کەماوەی دە ساڵە ئەمریکا سەپاندویەتی بەسەر کوبادا، وخودی خۆم ئیدانەی ئابلۆقەی ئابوری سەر عێراقم کرد کەئەنجومەنی ئاسایش بریارداوە، بۆتە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

هۆی رودانی کۆمەڵێك تراژیدیا بۆ گەلی عێراق ، کەتا ئێستا لەژێر ناڵەی برسێتی و نەخۆشیدا دەناڵێنن ، بۆیە ئەم بریارانە نابێت بەهیچ جۆرێك داکۆکی لێبکرێت ٠

پ/ لەدانیشتنی ژمارە( ٥٥ )ی لیژنەی مافی مرۆڤ لەئەپریلی رابردوودا راپۆرتێکتان پێشکەش کرد،تیایدا باست لە جیاوازی ناو رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد ، وچالاکی هەندێکیانتان وەك سندوقی دراوی نێودەولەتی و رێکخراوی بازرگانی جیهانی جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ چالاکی ئەو وەکالەتانەی کار لە پێناویعەدالەتی کۆمەلأیەتی و مافی ڤرۆڤدا دەکات، چارەسەری ئەم جیاوازییانە چییە؟

ج ز/ پێویستە ئاماژە بەو سێ بەڵگەنامە سەرەکیە بدرێت کەلەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ بەسەرۆکایەتی سکرتێری گشتی پێشوو )د٠ بگرس بگرس غالی) ئامادەکراوە، کە ئەجندەیەکە بۆ ئاشتی ، وپەرەپێدان و دیموکراتی، ئەم سێ چەمکی ئەجندەیە ستراتیژێکی روون و بەتوانا بۆ هەموو دەزگاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دادەنێت٠ وەلێ ئەم جیاوازییانە لە رێکخراوەکەدا بەردەوام بوو و د٠ بگرس بگرس غالیش وێرای ئەوەی کەسایەتیەکی بەهێز بوو، وئاسۆیەکی روونی هەبوو بەلاّم توانای رێگرتن لەم دابەشبوونەی نەبوو،رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەستێرەیەك پێکدەهێنێت کەسەدان و هەزاران ژن وپیاوی خاوەن توانا وکاری جیاوازی تێدانیشتەجێیە، وزۆربەیان بیرتیژ و خاوەن لێهاتوویەکی جیهانین، رێکخراوی تەندروستی جیهانی ورێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و رێکخراویجیهانی موڵکی فکری ورێکخراوی کشتوکاڵ و خۆراك و رێکخراوی کەشناسی جیهانی و رێکخراوی زانیاری و رۆشنبیری 00000 هەموویان کاری گەورەومەزن ئەنجام ئەدەن بۆ نمونە ١–جەنگی رێکخراوی تەندروستی جیهانی دژی نەخۆشی وپەتا ٢–جەنگی رێکخراوی یونسێف و فاو لەپێناو رزگارکردنی قوربانیانی برسێتی ٣–ستراتیژییەتی بەنرخی نوێنەرایەتی مافەکانی مرۆڤ لەپێناوی نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی و ئەشکەنجەدان وسیاسەتی ئاپارتاید ٤– یارمەتیە رۆژانەکانی نوێنەرایەتی کاروباری پەناهەندەکان بۆ ملیۆنەها مرۆڤی لێقەوماو لەجیهاندا٠

وێرای هەموو ئەو کارانەی پسپۆرانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەزیرەکی و ئازایەتی

ئەنجامی ئەدەن بۆ یارمەتی هەژاران ونەدارانی جیهان، بەلاّم هیچ پێکناهێنێت
بەبەراورد بەقەبارەی ئەو زیانانەی تووشی دەبن ، بەهۆی دەلاّلّەکانی سندوقی
دراوی نێودەولّەتی و بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی• سندوقی دراوی
نێودەولّەتی و بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەسەربنەمای
ڕێکەوتننامەی واشنتۆن یا کۆبونەوەی واشنتۆن کاردەکەن، کەکۆمەلّێك هەنگاوە
ئامانجی ئازادی ڕەهای سەرمایە و کالاّ و خزمەتگوزاری و زانیارییەکانە، و
بەتایبەتکردنی چالاکی هەموو کەرتە گشتیەکان و مەبەستیان بەجیهانگیربوونی
بازارە، کەهەلّوێستێکی نائاسایی و پێکەنیناوییە! وەکالەت و ڕێکخراوەکانی
نەتەوەیەکگرتووەکان کەلەپێناوی هاوکارییە مرۆییەکاندا کاردەکات، راپۆرتێکی
سالاّنە بە کۆی چالاکیەکانیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەلاّیەتی
سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان دەکات• هەروەها سندوقی دراوی نێودەولّەتی و بانکی
جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کە کۆمەلّێك دەزگای
سەربەنەتەوەیەکگرتووەکانن ، وچالاکیەکانیان دەخرێتە ژێر چاودێری ئەنجومەنی
ناوبراوەوە، ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەلاّیەتیش لە چەند دەولّەتێکی
هەلّبژێردراو لەلایەن کۆمەلّی گشتییەوە ، بەپێی ماددەی(١٠) ی بەلّگەنامەی
نەتەوەیەکگرتووەکان پێکدێت، وکاری ئەم ئەنجومەنە هەلّبژێردراوە
دەستەبەرکردنی کارو چالاکیەکانە لەگەلّسیاسەتی دەزگا و وەکالەتەکان و پرۆگرامی
نەتەوەیەکگرتووەکان ، وئەگەر وێنەیەکی کاریکاتێری بارودۆخی ئێستای سەدان
ملیۆن لەژن وپیاو و منداڵ لە ناوچەی باشوری گۆی زەویدا بکێشین دەتوانین
بلّێیین : سیخورەکانی سندوقی دراوی نێودەولّەتی و بانکی جیهانی و ڕێکخراوی
بازرگانی جیهانی هەموو ڕۆژێك بەدەست و بازویەکی پۆلاّین سەرجەم بەرنامە
کۆمەلاّیەتیەکان وێران دەکەن کە بەهۆی توانای کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان
و ڕێکخراوەکانی گەشەپێدان هاتۆتەدی•

پ/وەك چۆن حکومەتی شارۆن تەڕ و وشك لەشاروگوندەکاندا لەناودەبات بەبیانوی جەنگ
دژی تیرۆری فەلّەستینی؟

ج ز/بەبۆچوونی خۆم ئەو سیاسەتی سەرکوتکردنەی ژەنراڵەکانی ئیسرائیل و
لەسەرروویانەوە شارۆن ، سیاسەتێکی تاوانکارییە دەچێتە ژێر بەندی (تاوانی دژی

www.kurdistanet.org
کوردستان نێت

مرۆڤایەتی)، حکومەتی شارۆن پرۆسەیەکی پراگماتیانە پەیڕەودەکات بۆ کوشتنی سەرکردە سیاسییە فەلەستینیەکان، وهەڵدەستێت بەوێرانکردنێکی تەواوی کێڵگە و بیر و شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەشبگیری و ئەشکەنجەدان بەبێ وەستان. ئەم حکومەتە بەسوپاکەی پەلاماری شارە فەلەستینیەکانیناوچەی ئۆتۆنومی ئەدات و داگیری دەکات کە پەیماننامەی ئۆسلۆ پارێزگاری دەکات، ئێستاش لەژێر خانووە ڕوخاوەکاندا کەلەلایەن فرۆکەی ئەباتشی و تانکەکانەوەبۆردومان و وێرانکرابوو، وێرای لاشەکانیش ژن وپیاو و منداڵی بریندار هەیە بۆ چەند رۆژێك بەبێ هیچ یارمەتیەکی پزیشکی ، ئەو تۆڵە کوێرانەیەیی شارۆن هیچ پەیوەندییەکی بەپرەنسیپە مرۆییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و لێبوردنیانەوە نیە ، بەڵام ئەفسوس لەلایەن واشنتۆنەوە پیرۆزبایی لێدەکرێت.

پ/کەواتەپێشنیارتان چیەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ململانێ دژوارەی فەلەستین -ئیسرائیل ، کەرەنگە ببێتە هۆی کارەساتێکی جیهانی ؟

ج ز/ بەبۆچوونی بەندە پێویستە بەزووترین کات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لێپرسراوێتی ناردنی هێزێکی چەکداری نێودەوڵەتی ڕەوانەی فەلەستین بکات، وەك ئەوەی لەکۆسۆڤۆو تەیموری رۆژهەڵاتدا کرا، بۆیە دەبێت پارێزگاری لەگەڵی فەلەستینی شەهید بکەین لەو کوشت و برینەی هێزە زایۆنیە داگیرکەرەکان ، ودەبێت بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە بەبێ هیچ گۆرانکارییەك لەدەقەرەسمیەکاندا، کەلەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ساڵی ١٩٩٧ بەناوی بریاری دابەشکردن و لابردنی کۆمەڵگا نیشتەجێیەکانی ئیسرائیل ، ودەستەبەرکردنی ماڤ زەوتکراوی پەناهەندە فەلەستیەکان و گەراندنەوەیان بۆ نیشتمانی خۆیان.

پ/چارەسەر چیەیە کەئیسرائیل ملکەچی ئەو بریارانە نابێت ، وولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاش پاڵپشتی دەکات ؟

ج ز/ ئەوە لێپرسراوێتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ویژدانی ئەو کۆمەڵگایانەیە کەکاتی ئەوە هاتووە دەنگیان هەبێت .

پ/بریارتان بۆ داواکاری ئە ولاتانەی بە وولاتانی باشور ناوزەددەکرێن چیەیە ، چۆن پێداویستی گەلانیان دابین دەکرێت؟

ج ز/ لەراستیدا بارودۆخەکە کارەساتبارە، لەکاتێکدا دەوڵەمەندەکان زیاتر

دەوڵەمەندتر دەبن ، وهەژاران زۆر بەزوویی خراپتر دەبن ، بەپێی ئامارەکانی
ساڵی ٢٠٠٢ ( ٢٠٪ )ی دانیشتووانی جیهان کۆنترۆڵی زیاتر لە ٨٠٪ ی ئەو
ئوتومبیلانەن دەکەن کەبەشەقامەکاندا هاتووچۆ دەکەن و ٢٠٪ی وزە سەرف دەکەن،
لەکاتێکدا زیاتر لە (١)ملیار کەس لە ژن و پیاو و منالٚ ١٪ی داهاتی جیهان بەش
دەکەن . بەم جۆرە داهاتی تاك لەنێوان ساڵانی١٩٩٢-٢٠٠٠ دابەزینێکی خێرای لە
81وڵاتدا بەخۆیەوە بینی، بە جۆرێك کەتێکرای تەمەنی مرۆڤیش دابەزی ، بۆنمونە
لەوڵاتێکی وەك ڕواندا بۆ کەمتر لە ٤٠ ساڵ دابەزی و لەئەفریقیای ڕەش بۆ ٤٧
ساڵ،هەژاری زۆر بەخێرایی باڵی بەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم دا کێشاوە،
بەشێوەیەك زۆرتر هەژارتر دەبن تا ١٠٠ ملیۆن کەس لە دەیەیەکدا . ئەم جیاوازییە
زۆرەی خەریکە حوکمی جیهان بکات پێش هەمووشتێك بۆ خراپی دابەشکردنی هێزی
کڕین دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لەبواری تەندروستیدا کە ڕاشکاوانە دەردەکەوێت،
وێڕای ئەوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم ٨٥٪ی زیاتری دانیشتووان پێك دەهێنن
بەڵام ئەم دەوڵەتانە ڕێژەی ٢٥٪ی داوودەرمان پێك ناهێنن لەبازاڕی
جیهاندا . لێرەدا دەبینین کارگەکانی دەرمان ١٢٢٣ جۆر دەرمانی نوێیان لەنێوان
ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٦ بەرهەمهێناوە ، وئەوەی پەیوەندی بەچارەسەرکردنی نەخۆشیەوە
بوولە ١١ دەرمان تێپەڕناکات .

پ/باوەرت وایە ئەم داواکارییە چاکسازییانە بەشێوەیەکی باشتر و بەخێرایی لەسەر
ئاستی حکومەت و حیزبەکانی ئەو وڵاتانە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئامادەکرنی
ستراتیژییەتێکی هاوبەش بۆ دژایەتیکردنی هەژاری و برسێتی؟

ج ز/ بەرامبەر ئەم ڕۆچوونە زۆرەی دەسەلاٚتە چارەنووسسازەکان کۆمەڵگای مەدەنی
جیهانی نوێ و ئامانجێکی گەورە پێکدەهێنن .

پ/لەپەنجاکانەوەکاتێك پەرتووکی بەناوبانگی جوسێ دی کاسترۆ) جوگرافیای هەژاری
سیاسی) دەرچوو، تێڕوانینتان چۆنە لەو بوارەدا ، لەو کاتەوە تائێستا لەگەڵ
ڕەچاوکردنی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا؟

ج ز/ جوسێ دی کاسترۆلەسەرەتای پەنجاکاندا کتێبە بەناوبانگەکەی ( جوگرافیای
هەژاری بۆ برسێتی) دەرکرد، ویەکەم وەرگێڕانی بۆ فەرەنسی ساڵی ١٩٥٢ دا کرا/
لەو ساتەوە ژمارەی قوربانییان زۆر بەژمارە زیادیکردووە گومانی تێدانییە کە

زۆری ژمارەی دانیشتووان کاریگەری لەسەر برسێتی هەبووە٠
تراژیدیای ئیمرۆی تاکەکان هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ سەدەی رابردوو، ئەو منداڵەی لەسەرەتای لەدایك بوونەوە تاتەمەنی (٥)ساڵی بەهۆی بەدخۆراکیەوە دەناڵێنێت تاکۆتایی ژیانی کاریگەری لەسەردەبێت،ئەگەر ئیمرۆ توانامان هەبێت کەسێکی هەرزەکار کەماوەیەکی زۆر تووشی بەدخۆراکی بووە بگەڕێنینەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی بەهۆی چارەسەرێکی سەرکەوتوو لەژێر سەرپەرشتیاری پزیشکدا، ئەوە سەبارەت بەمنداڵێك تەمەنی لە (٥) ساڵ تێپەرنەبوبێت مەحاڵە چونکە خانەکانی مێشکی بەهۆی بەدخۆراکیەوە پوکاوەتەوە کە بە (لەدایك بوونەوە لەسێدارەدراون) ناودەبرێن٠ برسێتی و بەدخۆراکی هەمیشە لەعنەتێکی بەجێماو پێکدەهێنێت، هەموو ساڵێك دەیان ملیۆن دایك کە تووشی بەدخۆراکی توندبوون دەیان ملیۆن منداڵی تووش بوو بەبەدخۆراکی دەخەنەوە، لێرەدا ژنەکانی (صمۆیل بیکیت)مان بیردەکەوێتەوە کاتێك منداڵیان دەبێت و لەسەر رۆخی گۆرن،کەمرۆڤ دەستە وەستانە لەبەرامبەر وەسفی ئەو تراژیدیا و کارەساتەی مرۆڤ کە بەردەوام برسییەتی٠ چۆن دەتوانێت لەگەڵ هەلاتنی رۆژی نویٚ خۆراکی خۆی و منداڵی دابین بکات؟ئەم دڵە راوکێیەی مرۆڤ زۆر بە سوێترە لەئازاری جەستە ونەخۆشیەکانی لەشێکی لاواز، ئەم کارەساتە رۆژانە بەشێوەیەکی ئاسایی و سارد بەهۆی برسێتییەوە تووشی ملیۆنەها مرۆڤ دەبێت لەسەرئەم زەوییە کەپڕ لەسامانە، زەوی بەهۆی ئەوگەشەپێدانەی لەبواری کشتوکاڵیدا پێیگەیشتووە دەتوانێت خۆراکی (١٢) ملیار کەس دابین بکات، بەمانایەکی دی بەگوێرەی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکال لە ساڵی٢٠٠٠ هەرتاکێك دەتوانێت رۆژانە ٢٧٠٠ کالۆری وەربگرێت ٠ کاتێك ژمارەی دانیشتوانی زەوی کەمێك لە(6) ملیار کەس تێدەپەرێت ، و٨٢٦ ملیۆن کەس لەژێر برسێتی و بەدخۆراکیەکی بەهێزدا دەناڵێنن، ئەوا هاوکێشەکە زۆر بەئاسانیئەوەیە: ئەوەی موڵکی هەیە دەخوات و دەژی و ئەوەی نیەتی ئازار دەچێژێت و بیٚ توانا دەبیٚ و دەمرێت! ئەم برسێتی و بەدخۆراکیە توندە بەرهەمی خودی مرۆڤە ، بەهۆی رژێمی رەشبین و ستەمی باوی جیهان، بۆیە ئەوەی لەبرساندا دەمرێت قوربانی تاوانی تیرۆر و کوشتنی بەئەنقەستە، وگەورەپیاوانی سەرمایەداری جیهان لەرێگای ستراتیژە

www.kurdistanet.org کوردستان نێت

وەبەرهەمهێنەکانیان و هاوپەیمانە سیاسیەکانیانەوە بڕیاردەدەن کێ بژی و کێ بمرێت ، کێ مافی ژیانی لەسەر زەوی هەیە وکێ بڕیاری لەسێدارەدانی دراوە!

پ/ڕەتکردنەوەی سیستمی نوێی جیهان و هەژموونی تاککرەوی ئەمریکا هەمیشە بەردەوامە ، چۆن دەڕوانیتە بزوتنەوەی بەرهەڵستکاری جیهانگیری و ئایا بەرەنگاری ئەو شەپۆلە دەبیتەوە؟

ج ز/زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ژن و پیاو کە سەربە زیاتر لە ٢٠٠٠ بزوتنەوەی کۆمەلآیەتی جیاوازن ، لە هەر (٥)کیشوەرەکەوە ئامادەی کۆبونەوەی دووەمی جیهانی بوون لە بورتولیجرۆ لە بەرازیل ساڵی ٢٠٠٢، داواکانیان نەهێشتنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ئیلغاکردنەوەی بەخشینی باج ووەکالەتی پۆلێن و پێوانە ، وبانگێشەی سەربەخۆبوونی بانکی مەرکەزی و داخستنی بۆرسەی کەل و پەلی سەرەتایی کشتوکاڵ لە شیکاغۆ، سرینەوەی قەرزەدەرکیەکانی جیهانی سێهەم بەبێ بەرامبەر ئابلۆقەی یاریکردن بە ژیانی خەڵك. هەروەها سانسۆری گشتی لەسەر گرێدانی کۆمپانیاکان و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کاروباری ئابوری و کۆمەلآیەتی ناو نەتەوەیەکگرتووەکان، داواکاری مافە ئابوری و کۆمەلآیەتی و ڕۆشنبیرییەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی لەیاسا دانراوەکاندا ، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە لەسەر بەرزبونەوەی کێرڤی ڕەتکردنەوەی سیستمی نویێ جیهان و هەژموونی تاککرەوەی ئەمریکا ، و ئومێدەکەم ئەم بزوتنەوانە زیاتر بەهێز بن و گەشە بکەن و بلآوببنەوە تا قورسایی لەسەر بڕیاری نێودەوڵەتی دروست بکەن.

پ/لەکاتی ململانێیە چەکدارەکاندا چۆن هۆکارەکانی تیوری (ماف لە خۆراکدا)دەستەبەردەکرێت، بۆ دانیشتوانی مەدەنی و دیلەکانی جەنگ؟

ج ز/یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی چیرۆکێکی درێژیی هەیە (پارستنی ماف لەخۆراکدا) یەکێك بووە لە کارە سەرەکیەکان. کارێکی دڵخۆشکەرەیە لەدایك بوونی پێوەرێکی نویێ و کەم وێنە لە ویژدانی کۆمەڵی نەتەوەکان، مەبەستمان خاچی سوری نێودەوڵتییە) کەیەکەم ڕێکخراوە بەرێك و پێکی داکۆکی لەیاسا مرۆییەکان بکات و گەشەی پێبدات) ئەم بزوتنەوەیە لەمەر جەنگی سولفارینۆی ساڵی ١٨٥٩ دروست بوو ، ئیمرۆش پارێزەری ئەو یاساییە، ولەبواری تیوریدا پێویستە ڕۆڵی سەرەکی فیدرۆ فیتش دومارتن لەیاد نەکەین ،کەفەیلەسوف و یاساناسی حکومەتی ڕۆسی بوو لە

کۆنگرەی ئاشتی لەلاهایسالّی ١٨٩٩ لەگەڵ جێگرەکەیدا ئەندریێ مندلستام ، و تیورەکەیان دەلّیت : یاسای مرۆڤایەتی رەگی لەویژدانی جیهانیەوە وەردەگرێت، یان ئەوەی بەویژدانی کۆمەلاّیەتیەوە ناوزەددەکرێت یاخودباشترِبلّێین ویژدانی خود، ویژدانی خود بنەمای یاسای مرۆین • هنری دونان/ کەتوانی پەیماننامەی ژنێفی یەکەم سالّی ١٨٦٤ مۆربکات ، لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە دەستەبەری ژیانی مرۆڤی بریندار بکرێت، بریندارئەگەر دوژمنیش بێت، بەلاّم وەك ئێمەیە پێویستە برسێتی و تینوێتی بشکێنرێت • چونکە ویژدانی جیهانی لەسەر بنەمای ئیدراکی راستەوخۆی خود وەستاوە، هەروەها پرۆتۆکۆلی دووەم کەبۆ پەیماننامەی ژنێف زیادکرا ئامانجی پاراستنی کۆمەلگا مەدەنیەکانە ، لەکاتی جەنگە نێودەولّەتی و ناوخۆییەکاندا کەلەماددەی چواردەهەمدا دەلّێت: بەهیچ جۆرێك نابێت برسێتی وەك شێوازێك ی جەنگ دژی هاوولاّتی مەدەنی بەکاربهێنرێت ، هەروەها پەلاماردان و وێرانکردن ودزینی کالاّ و پێداویستی خەلّکی مەدەنی وەك کەل و پەلی خۆراکی ناوچەکشتوکالّیەکان و مالاّت وێستگە و ترومپاکانی ئاودێری0 گرنگترین بەش لەیاسای مرۆڤایەتی نێودەولّەتی لەپەیماننامەی ژنێف ی چوارەم سالّی ١٩٤٩ و هەردووپرۆتۆکۆلە زیادکراوەکەی سالّی ١٩٧٧ و پەیماننامەی ئۆتاوای سالّی١٩٩٧ کەبەکارهێنانی مین قەدەغەدەکات چونکە زیان بەژیانی مرۆڤ دەگەیەنێت، هەمان ئەم پرانسیپە سەرەکیانەش حوکمی هەموو دەقەکان دەکات: هێرش نەکردنە سەر خەلّکی مەدەنی ، نەهێشتنی راگوێزانی بەکۆمەلّ کەدەبێتە هۆی برسێتی ، دابینکردنی پێداویستیە سەرەکیەکانی خەلّکی مەدەنی لەوانەش خۆراك ،وپێناسەی )مەدەنی) پەناهەندە و راگوێزراوان و رۆژنامەنوسان ••هتد دەگرێتەوە ، هەموو ئەم رێسایانە بەسەر ململانێیە چەکدارە نێودەولّەتیەکان و ناوخۆییەکان دەگرێتەوە•

پ/فراوان بوونی بۆشایی نێوان ولاّتانی باکوری زەنگین و ولاّتانی باشوری هەژار لەجیهاندا، ئەو هەنگاوە خێرایانە چین بۆ بەرەنگاربوونەوەی لە داهاتویەکی کەمدا؟

ج ز/ پێویستە کار بەو پرانسیپە سەرەکیانە بکرێت، کە د• بگرس غالی لە هەرسێ ئەجندەکانیان سەبارەت بە چۆنیەتی بەرێوەبردنی زەوی دارێژراوە ، لە بری

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

)پەیماننامەی واشنتۆن) مەبەستمان ئەو کۆمەڵە پەیماننامە نارەسمییانەیە کە
لەلایەن کۆمەڵگای دارایی نێودەوڵەتی – زۆرینە ئەمریکی – ودەزگاکانی بریتۆن
وودز لەساڵەکانی هەشتاکاندا دانراوە. لەپاشاندا ویلیامسۆن سیفەتی رەسمی بۆ
یەکەمجار پێبەخشی لەساڵی ١٩٨٩ لە ژێرناونیشانی (پەیماننامەی واشنتۆن)
بەجۆرێك ئەو پەیماننامەیە لەهەموو دەوڵەتانی کیشوەرەکان جێبەجێبکرێت، ئەم
پەیماننامەیەش باس لەچوار تەوەر دەکات کە: ئازادکردنی تەواو و خێرای سەرجەم
هاتنە ناوەوەی سەرمایەداری و کاڵا و خزمەتگوزارییە مەعریفی و زانستیەکانە ،
کەبروانامەی داهێنان پارێزگاری لێدەکات ، بەتایبەتکردنی سەرجەم چالاکیە
ئابورییەکانی دەوڵەت ، ئارام بوونی تەواوی ئابوری ، فشاری هاوسەنگیەکان.
پ/ئامانجی کۆتایی ئەم پەیماننامەیە حوکمی جیهانی جیهانێکی بێ دەوڵەتە
کەدەتوانین بڵێین رێکخستنێکی خۆیی بازارێکی یەکگرتوی جیهانییە ؟
ج ز/ ئەمە وێنەی لۆژیکێکی وێرانکەرە کەرەگی لەمێژویەکی کۆنەوە وەرگرتووە،
ئەمە لیبرالیەتی نوێیە کەمەبەستی وەرگێرانی یاسا سروشتیەکانە ، کە کۆنترۆڵی
کارەکان دەکات و دەیگۆڕێتەوە سەر هێز، ئەم لیبرالیەتە تازەیە بەم جۆرەیە.
بیر بۆردیۆ لیبرالیەتی نوێی بە چەکێکیوێران کەر پێناسە کرد کە ئاماژە بە
هاتنیەکی حەتمی ئابووری دەکات کە هیچ بەرەنگاریەك سوودی نیە. لیبرالیەتی نوێ
وەك نەخۆشی ئایدز وایە . کە ئامێری بەرگری قوربانیەکانی وێران دەکات .
وەلەوتەکاریگەریەکانی بۆردیۆ ئەم یاسا ئابووریە ئیجباریانە سیاسەتێکی دیاری
کراو دەشارێتەوە . کە ئەم سیاسەتەش کانسلکردنی سیاسەتەو بەخشینی بەهێزێکی
ئابوری هەزموندارو ئازاد کردنی لە هەمووجۆرە سانسۆرو کۆتێك . لە هەمان کاتدا
چۆك پێدادانی حکومەت و هاوڵاتیان بۆ ئەو هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە . لە
هەمووشیان کاری گەرتر مارەسە کردنی ئەو سیستەمە وەك ئەوەی کە هەیە . ئەم
ئایدۆلۆژییە هەرەسێکی گەورەی فکری مێژووی پێك دەهێنێت. ئایا ژیان یەخسیری
قەدەر دەبێت ؟ درۆکە زۆر گەورەیە بەڵام بەسودە بۆ پیاوانی جیهانی نوێ . چوونکە
دەتوانن لێپرسراوێتی خۆیان بەرامبەر چارەنوسی ئەو گەلانە بشارنەوە کە دەیان
چەوسێننەوە .
بە کورتی دەڵێین :. ئەو جەنگەی کە دەبێت ڕۆشنیرانی عەرەبی و ئەورووپی بەرەو

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

ڕووی بنەوە جەنگی چەمك و هێماكانە كو پێویستی بە كاری بە كۆمەك دەكات كە دەبێت بەرەنگاری تەگیع تەعتیی نامەعقول بنەوە كە سیستمی نوێی ی جیهان فەرزی كردووە . لە ڕێگای ئابووریەكی پێوانەیی ئاراستە كراو بە گوێرەی پێداویستیە سەرەكیەكانی زۆرینەی كۆمەڵ .

پ/ ئەم سیستەمە سەرمایەدارییەی نوێی جیهان ناكۆكی زۆری تێدایە ، ئایا ئەم ناكۆكی و ململانێیە توندانە بۆ كۆنتڕۆڵ كردن واستغلالكردنی دەبێتە هۆی وێران كردنی ئەم سیستەمەو دەركەوتنی سیستمێكی نوێی جیهان كە زیاتر دادپەروەر بێت ؟

ج ز/ بەڵێ سیستمی نوێ كۆمەڵێك ناكۆكی لە هەناوی خۆیدا هەڵ گرتووە ، وبالە ئۆپۆزسیۆنەكان ململانێیەكی توندو قورسیان هەیە ، و هەموو ڕێگاكانیش حەلالە بۆ لەناو بردنی بەرامبەر ، بەلاّم ئەگەر تەواوی ئەم سیستمە یاخود بەشێكی سەرەكی ڕووبوڕوی مەترسی بێتەوە وەك لە كۆنگرەی بالاّی (٨) ولاّتە پیشەسازییەكە دا لە یۆنیۆی (٢٠٠١ ) دا ڕووی دا . بالە كۆنگرەی بورتولیجرو لە یەنایری (٢٠٠٢) دا ڕوویدا . هەموو پیاوان ناكۆك و سیخوڕەكانیان دەچنە یەك بەرەوە ، بە نینۆك و ددان پارێزگاری لە بەتایبەت كردنی جیهان دەكەن كە بۆتە هۆی كۆكردنەوەی ئەو سامانە زەبەلاح وخەیالّیە . وێڕای ئەو فەسادەی دام و دەزگاكانی گرتۆتەوە بە تایبەتی لە جیهانی سێیەمدا ، چەنكە سیستمی سەرمایەداری جیهانی بەبێ ئەو فەسادە ی ناو حكومەتەكان ناتوانێت بەردەوام بێت . ئەم گەندەلّیە توانای بە گەورە پیاوانی ئەم سیستەمە بەخشیووە، وێڕای ئەو هەل پەرستیەی لەكارەكانیاندا هەیە . پێشەنگی بازاری سەرمایەداری و بازاری جیهانە دزییەیان قۆستنەوەی سامانەكان ، داینەمۆی یەكەمی ئەم جۆرە بازارەیە ، كە پارە كۆ دەكاتەوە و دەولّەت وێران دەكات و سروشت و گیان لەبەرو مرۆڤ لە ناو دەبات و لێپرسراوەكان گەندەڵ دەكات بۆ ئاسانكاری كارەكانیان . لە بەرامبەردا كۆمەلّگایەكی موێی مەدەنی هەیە لە ئاسۆدا ، لەم كۆمەلّگایەدا برایەتیەكی نهێنی هەیە كە هەنگاوهەنگاو دەردەكەوێت لە ژێر وێرانەی ئەم سیستەمە دا . كەلەئیمپراتۆریەتە دزەكانی كە سندوقی دراوی نێو دەولّەتی و بانكی نێو دەولّەتی و ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی پێك هاتووە خۆیان بەهێز و یەكخستووە لە پێناوی دژایەتكردنی ستەمی ئەم سیستمە ئەم جەنگەش

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

هیوایەکی گەشمان لا دروست دەکات ٠

ahmad_dokan@hotmail.com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت